**ڕێونوێنیکردن بۆ نێو کۆمەڵگا چییە؟**
ڕێونوێنیکردن بۆ نێو کۆمەڵگا بریتییە لە خولێکی فێرکاری دەربارەی کۆمەڵگای سویدی، بۆ تۆ کە تازە نیشتەجێی ئەم وولاتەی. تۆ زانیاری بەدەست دەهێنیت لەسەر ئەرك و مافەکانت، دەربارەی دیموکراسییەتی سویدی و چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگای سویدی. ئامانج لە خولەکە ئاسان کردنی تێگەیشتن و ئاوێتە بوونە لەناو کۆمەڵگای سویدی دا.
فێرکارییەکە بە زمانی زگماکی خۆت، یان بە زمانێکی تر دەگوترێتەوە کە شارەزاییت تیایدا هەیە و دەتوانیت بەکاریبهێنیت. تۆ دەتوانیت گوێ بگریت، پرسیار ئاڕاستە بکەیت و مشتومڕ لەسەر با بەتەکان بکەیت. پاش تەواوکردنی خولەکە دیپلۆمێك بەدەست دەهێنیت.

**کێ دەتوانێت بەشداری بکات لە خولەکەدا؟**
خولی ڕێونوێنیکردن بۆ نێو کۆمەڵگا بە خۆڕاییەو بۆ تۆیە کە تەمەنت لە نێوان ۱۸-٦٤ساڵدایە، تازەیت لە سوید و پلانی دامەزراندنت هەیە یاخود یاوەری پەناهەندەیەکی.
مافی بەشداری کردنت لە خولەکەدا نییە ئەگەر هاوڵاتییەکی سویسرا بیت یاخودیەکێك لە وولاتانی - ESS، کۆچبەری کارکەری یان بە سەردانی خوێندن/ توێژینەوە لەم وولاتەی.

**خولەکە دەربارەی چییە؟**
خولەکە چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت وەك مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی، ئەرك و مافەکانی تاکەکەسی هەروەها دەربارەی شێوازی ژیانی ڕۆژانە و چۆنیەت ڕێکخستنی کۆمەڵگای سویدی.

خولەکە ئەم هەشت بابەتە لەخۆ دەگرێت:
١- هاتن بۆ سوید
٢- ژیان لە سوید
٣- پشتیوانی کردنی کەسێك و پەرەپێدانی لە سوید
٤- مافی تاکەکەسی و ئەرکەکانی
٥- هەبوونی خێزانێك و ژیان لەگەڵ منداڵان لە سوید
٦- هەبوونی کاریگەری لە سوید
٧- ئاگاداربوون لە تەندروستی کەسێك لە سوید
٨- پیری لە سوید

**ناو نوسین**
ئەگەر پلانی دامەزراندنت هەیە لە ڕێگەی خزمەتگوزاری دامەزراندنی حکومی ئاربێتسفۆرمێدلینگین (Arbetsförmedlingen) ئەوا بەرپرسی دامەزراندنەکەت لە خولەکە ناونوست دەکات.
ئەگەر یاوەری پەناهەندەیەکی ئەوا ئەتوانی خۆت ناونوس بکەیت لە خولەکەدا لە ڕێگەی فۆڕمی ناونوسکردنە وە کە لەم پەیجەدا ئەیدۆزیتەوە لە ژێر ناونیشانی (Anmäl dig här).